عومەر گۆپی: پێویستە هەرەم نیوەی داهاتی ناوخۆ ئادەستی بۆغدا بکات

عومەر گۆپی کاندیدی دەرچوی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، بۆ ئەوەی موچە لە بەغداوە لێکاتی خۆی بگاتە کوردستان پێویستە نیوەی داهاتی ناوخۆ ئادەست بکرێت نەوەك تەنها 50 ملیار دینار".

گۆپی لە هەژماری تایبەتی خۆی لەتۆی کەمەڵایەتی فەیسبوك نوسیویەتی، "وەك موژدە بە خەڵکیان وت لە ساڵی 2025 دواکەوتنی موچە نامێنێت، 10 ساڵیش دەبێت تەنها یەك بەڕێنیان ئاست نەبوە، بەرپرسیارێتی موچەی مانگی کانونی دووەمی 2024 لە ئەستۆی حکومەتە ماوە بەسەرچوەکەی هەرەمە، تا ئێستا نەیداوە".
راشیگەیاند، "بەهۆی پابەند نەبونیان بە بڕیاری دادگای فیدراڵی و ماددەکانی یاسای بودجە، لە بەغداوە بەردەوام کێشە بۆ موچە دروست دەکەن، گەورە و بچوکی بەرپرسانیان وەك موژدە بە خەڵکیان وت، تەواو، دواکەوتنی موچە لە ساڵی 2025 نامێنێت، کەچی وا چوار ڕۆژیش لە مانگی ئازار تێدەپەڕێت، هێشتا موچەی مانگی (٢) هیچ باسێکی نییە! کەی دێت و کەی دابەش دەکرێت؟ دەیانەوێت بیکەن بە جەژنانە؟".

عومەر گوڕپی دەشت، "بۆ ئەوەی موچە لە بەغداوە لە کاتی خێدا بگاتە کوردستان پێویستە نیوەی داهاتی ناوخۆ بادەست بکرێت نەوەك تەنها 50 ملیار دینار، تەوتین بکرێت ئەگەر بە هەژمارەکەی خۆشیان بێت، لیستێکی پاکی موچە هەبێت بە پێی یاساو بنەما ژمێریاریەکان".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەوانەی بۆ لایەنەکانی دەسەڵات هەڵدەپەڵین و (بۆجگە تەزویر و دیزاین) دەنگیان پێدانەوە و کردنیانەوە بە فەرمانەوا بۆ برسیکردنی خەڵك چۆن لە دواڕۆژ لەبەردەم خوادا دەوەستن؟".